# شوێنەواری شەدادیەکان لەشاری ئانی لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە


**پ. هـ. د. طارق محمد ئەورەحیم**

زانکوی سەلاحەددین- هەولێر- هەریما کوردستان/ عیراق



**پوختە:**

شوێنەوارە ئیسلامیەکانی شاری ئانی بەشێکی دانەبڕاوی شارستانیەتی ئیسلامین، لەنێو ئەو شوێنەوارە جێماوەدا، شوێنەواری شەدادیەکان بەشێکی گرنگی شوێنەواری شاری ئانی پێکدەهێنێت.

شەدادیەکان لە نێوان ساڵانی ( ٣٤٠-٥٩٥ک./٩٥١-١١٩٩ز. ) میرنشینێکیان لە وڵاتی ئاران دامەزراند و لە شارەکانی وەک دوین و گەنجە و ئانی فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کرد. لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەواندا لە نێوان ساڵانی (٤٥٦-٥٩٥ ک/ ١٠٦٤-١١٩٩ ز) شاری ئانی گەشایەوە، کە شوێنەوارەکانیان هێشتا ماون، وێنەی مزگەوتی مەنۆچەر و بورجە سەربازیەکانی دەوروبەری شار.

ئەم توێژینەوەیە بە سێ تەوەر بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە، سەرەتا بە مێژووی بنەماڵەی شەدادیەکان دەست پێدەکات و پاشان مێژووی شاری ئانی لە سەردەمە جیاوازەکاندا کورت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە دوایین تەوەردا لەسەر ئەو شوێنەوارە جیاوازانە بوەستێت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەدادیەکان، وە بە چەند نەخشەو وێنە بابەتەکەی لە پاشکۆدا لە بیری خوێنەر نزیکتر کردۆتەوە، لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکانی باسەکە تۆمارکراوە.



**وشەی کلیلی:** *بنەماڵەی شەدادی، شاری ئانی، شوێنەواری ئیسلامی، مزگەوتی مەنوچەر، سەلجوقیەکان*


**پێشەکی:**

وڵاتی ئاران و شێروان[٤] بە درێژایی مێژوو چەندین نەتەوەو گەل تێیدا ژیاون، یەک لەو گەلانە، گەلی کورد بوە، کە هێندە بەهێزبوون توانیویانە حوکمڕانی ناوچەکە بۆ دەیان ساڵ بگرنە دەست لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە رێگەی ئەو میرنشینانەی دایانمەزراندوە. یەک لەوانە میرنشینی شەدادیە. (رۆس،١٩٩٨، ٢٠/ ٦١٦٢)

شوێنەواری شەدادیەکان لە شاری ئانی هەرچەندە خودی سەرچاوە بەجێماوەکان وەک مزگەوت و شورەو و گەرماو و سککەی دراو و شوێنەواری نوسراوی سەر دیوارو منارەو

بورجه سەربازیەکان هەمووی بەڵگەو سەرچاوەی بەردەستی توێژەرن. بەڵام لە هەمان کاتدا توێژەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە کۆن و نوێیەکان کە زیاتر بە زمانی عەرەبی و فارسی و توركی نوسراون،یان بۆ کەسێک شارەزای زمانەکانی ئەرمەنی و گورجی بێت دەتوانێت زانیاری زۆری دەست کەوێت لەو سەرچاوانەی سەبارەت بە مێژووی شاری ئانی و ناوچەکە نوسراون. لە هەمان کاتدا نوسراو و لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسانیش گرنگن، بەتایبەت رۆژهەڵاتناسە رووسەکان، کە بە حوکمی نزیکی جوگرافیان زیاتر بایەخیان بە مێژوو و شوێنەوارەکانی شاری ئانی داوە.

وە لە دیارترین ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەی مێژووی شەدادیەکانیان تاوتوێ کردوە، بەر لەهەموان دەبێت ئاماژە بە کارێکی رۆژهەڵاتناس مینۆرسکی (م.١٩٦٦ز.) بکرێت، کە بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە دەستنووسێکی مێژوویی بەناوی (باب فی الشدادیة من كتاب جامع الدول) کە لەلایەن مێژوونووس ئەحمەد کوڕی عیسی کوڕی لطف الله ناسراو بە مونەجیم باشي، (م.١١١٣ک./١٧٠٢ز.) نوسراوە. مینۆرسکی لەپێشەکی ئەو بەرهەمەیدا ناونیشانی پازدە کتێب و وتار تۆماردەکات، کە لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا لەسەر ئەم خانەدانە بڵاوکراونەتەوە. (Minorsky,1953,2-3) هەروەها وەک نامەی زانکۆیی دوو نامەی زانکۆیی هەن، یەکەمیان ماستەرنامەکەی توێژەر ئیسماعیل شوکر رەسولە بە زمانی عەرەبی، (رسول،٢٠٠١) دووەمیش تێزی دکتۆراکەی نەوزاد کەلەشە بەزمانی توركی. ( Keleş, 2016, 57-304)

شایانی باسە بۆ زانیاری لەسەر زۆربەی لایەنەکانی شاری ئانی دەکرێت توێژەر بگەڕێتەوە بۆ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی http://www.virtualani.org/maps/reconstruction.htm کە بەزمانی ئینگلیزی سەرچاوەو زانیاری و وێنەی زۆری تێدا دەستەبەر کراوە.

**تەوەرەی یەکەم: ناساندنێکی خانەدانی شەدادی**

خانەدانی شەدادی ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ موحەممەد کوڕی شەداد کوڕی کرتاک (م.٣٤٤ک.-٩٥٥ز.) کە لەهەلێکی گونجاودا لەساڵی(٣٤٠ك./٩٥١ز.) توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر شاری دوین لە ناوچەی ئاران لە هەرێمی ئەرمەنستان. دوای ئەوەی حوکمڕانی شاری دوین سالار مەرزەبان محمد میری موسافیری (٣٣٠-٣٤٦ک./٩٤٢-٩٥٧ز.) جەنگی دۆڕاند و وەک دیل کەوتە لای بوەیهیەکان (٣٣٤-٤٤٧ک./٩٤٥-١٠٥٦ز.). لەو کاتەدا میر محەممەد شەداد میرنشینی خۆی لە شاری دوینەوە راگەیاند. (رۆس،١٩٩٨، ٢٠/ ٦١٦٢)

پاش وەرگرتنی دەسەڵاتی شاری گەنجە، شەدادیەکان بوونە دەسەڵاتدارێکی بەهێزی باشوری ئازەربایجان، پەیوەندی سیاسی لەگەڵ دەوڵەت و میرنشینەکانی دەوروبەریان دروست کرد. بەڵام بە مردنی محمد شەداد لە ساڵی (٣٤٤ک./ ٩٥٦ز.) میرنشینەکە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی حوکمی دەکرد لەدەستی دا. دواتر ئەبولحەسەن عەلی لەشکری (٣٦٠-

٣٦٨ك/٩٧١-٩٧٩ز.) بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەشاری گەنجەوە فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکەی کرد. (Keleş, 2016, 57-304)

پاشان مەرزەبانی برای حوکمڕانی میرنشینەکە دەکات بۆ ماوەی حەوت ساڵ (٣٦٨-٣٧٥ك./٩٧٩-٩٨٦ز.)، بەڵام لەبەر ناکارامەیی لەحوکمڕانیدا میرنشینەکە کەوتە پشێوی، بۆیە لەلایەن فەزلونی برای کوژراو، خۆی حوکمڕانی میرنشینەکەی وەرگرت ، چونکە فەزلون میرێکی بەهێزو کارامە بوو، توانی بۆ ماوەی چل وحەوت ساڵ (٣٧٥-٤٢٢ك/٩٨٦-١٠٣١ز.) میرنشینەکە ببات بەڕێوە، لەسەردەمی حوکمڕانی ئەودا میرنشینی شەدادی گۆڕان و پێشکەوتنی زۆری لە بواری ئاوەدانی و سەربازی بەخۆیەوە بینی. پاش مردنی سێ کوڕی بەداوی یەکدا تا ساڵی (٤٥٧ك./١٠٦٥ز.) میرنشینەکەیان بەڕێوەبرد. دوای ئەوانیش ئەبەلئەسوار شاوەر کوڕی فەزل بوویە میر تا ساڵی (٤٥٩ك./١٠٦٧ز.).( Keleş, 2016, 57-304)

لەدەمی هاتنی سەلجوقیەکان (٤٢٩-٥٩٠ك./ ١٠٣٧-١١٩٤ز.) ڕوەو ئەنادۆڵ، شەدادیەکان بێ راوەستان بوونە هاوکاریان، بۆیە کاتێک سوڵتان ئەلپ ئەرسەلان (٤٥٦-٤٦٥ك./١٠٦٤-١٠٧٣ز.) پاش گەمارۆدانێکی بیست وپێنج ڕۆژە، لە (٢٣ شەعبانی ٤٥٦ك.) بەرامبەر (١٦ ئابی ١٠٦٤ز.) بە سوپاکەیەوە چوویە ناو شاری ئانی، حوکمی شارەکەی بەو خانەدانە سپارد، فەزلونی دووەم مەنوچەر کوڕی ئەبولئەسوار شاوەری شەدادی بوویە حوکمڕانی شارەکە. ئیتر شاری ئانی لەدەستی شەدادیەکان مایەوە تا ساڵی (٥٩٥ك./١١٩٩ز.)، دواتر کەوتە بن دەستی گورجیەکان، لێرەدا مێژووی میرنشینی شەدادیەکان کۆتایی دێت°. (Keleş, 2016, 57-304)

ڕۆژهەڵاتناس مینۆرسکی زۆر بەبایەخەوە باسی حوکمڕانی ئەم خانەدانە دەکات لەو ناوچەیەداو دەڵێت: ((شەدادیەکان بەشێک لە ڕواڵەتەکانی سەردەمی ناوبڕی ئێرانی پێکدەهێنن،ئەگەر چی سەردەمێکی کورتیش بوو، بەڵام زۆر بەبایەخ بوو، چونکە ناوبڕی هەردوو سەردەمی عەرەبی و تورکی بوو)). (Minorsky,1953, 2) .

**تەوەرەی دووەم: ناساندنێک بۆ شاری ئانی**

سەبارەت بە مانای وشەی شاری ئانی و مێژووکەی ڕۆژهەڵاتناسی روسی بارتۆڵد (م.١٩٣٠ز.) پێی وایە ناوی ئانی بۆ ناوی پەرستگای خوداوەندێکی ئێرانی دەگەڕێتەوە بەناوی ئاناهیتا، شارەکە زۆر لەکۆنەوە مرۆڤی لێ ژیاوە بۆیە شوێنی ئاگرپەرستیشی تێدا دۆزراوەتەوە ( ١٩٦٩، ٣/ ١٢) ، ڕۆژهەڵاتناس گی لسترنج (م.١٩٣٣ز.) خاوەنی کتێبی ناودار (بلدان الخلافة الشرقية) تەنها دوو جار لە کتێبەکەیدا ئاماژەیەکی لاوەکی بە شاری ئانی دەکات(١٩٨٥، ١٧٢و ٢١٧) .

هەرچۆنێک بێت دەکرێت بوترێت، شاری داڕوخاوی ئانی بە دووری چل و پێنج کیلۆ مەتر کەوتۆتە باشوری رۆژهەڵاتی ویلایەتی قارس ، نزیکەی ١٤٥٠م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، لای باشوری رووباری ئارپاچایە کەبەشێکی سنوری ئێستای نێوان وڵاتی تورکیاو ئەرمینیا پێک دەهێنێت. لای رۆژئاوای چەمی بۆستانلەرەو لای رۆژهەڵاتیشی چەمی میغ میغە، ئەوەی دەمێنێتەوە شورەیەکە بە درێژی پێنج کیلۆمەترو نیو، کە لە سەر رووبەرێکی سەد هەکتار شاری ئانی تێدا ئاوەدان کراوەتەوە. (Arslan, 2021, 29)

مێژووی شاری ئانی بۆ سەدان ساڵ بۆ بەر لە زاینی دەگەڕێتەوە، بەڵام بێ دابڕان وەک شارێکی ئاوەدان لەنێوان سالآنی ( ٣١١-١٦٠٥ز.) (Sevindi,2015, 593) چەندین دەسەڵات و شارستانیەتی جیاوازی بە خۆیەوە بۆیە شاری ئانی بە شاری لانەی شارستانییەتەکان ناسراوەو لەبەر زۆری ژمارەی کلێسەکانی بە شاری هەزار و یەک کڵێسەپێناسە دەکرێت. (BOY,2019,1312.)

بەر لە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەکە شانشینی کامسارکانی ئەرمەنی لە نێوان سالآنی (٣١١-٦٤٠ز.) کردویانەتە مەڵبەندی دەسەڵاتیان، تا لە سەردەمی هەردوو خەلیفەی دووەم و سێیەمی راشیدی، (١٣-٣٥ک./٦٣٤-٦٥٦ز.) هەرێمی ئەرمینیا بەگشتی بوویە بەشێک لە سنووری دەوڵەتی ئیسلام.( اسکندر، ١٩٨٣، ٢٥-٥٠)

بەڵام دواتر لە نێوان سالآنی (٣٥٠-٤٣٧ک./٩٦١-١٠٤٥ز.) شارەکە بوویە پایتەختی فەرمانڕەوای خانەدانی باگراتیدی ئەرمەنی . شارەکە گرنگی سیاسی و ئاینی و ئاوەدانی زیاتری پەیدا کرد، بۆیە شورەی شارەکە لە نێوان هەردوو رووباری میگ میگ و روباری بۆستانلار قایمتر کرا، بورجەکان بەبەرزی هەشت بۆ دە مەتر بەرزکرایەوە. (TÜYSÜZ,2017,847-848) .(Arslan. 2021,34-44)(پاشکۆی وێنەی شورەی شار).

بەڵام لەساڵی (٤٣٧ک./ ١٠٤٥ز.) بێزەنتیەکان (...-٨٥٧ک./ ٣٩٥-١٤٥٣ز.) شارەکەیان لە بندەست ئەرمەنەکان دەرهێناو کردیانە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی. ئەم پێشهاتەش بوویە هۆکارێک تا شارەکە لەبەردەمی گەمارۆی سەلجوقیەکان خۆ نەگرێت، چونکە بێزەنتیەکان بەپێی پێویست بەرگریان لەشارەکە نەکرد، خەڵکی ئەرمەنی شارەکەش لەبەر ناکۆکی مەزهەبیان لەگەڵ بێزەنتیەکان دەیانویست لەژێر دەسەڵاتی ئەوان دەرباز ببن. (اسکندر،١٩٨٧، ٦-٧) جا کەوتنی شاری ئانی لە (٢٣ شەعبانی ٤٥٦ک.) بەرامبەر (١٦ ئابی ١٠٦٤ز.) بوویە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بۆ وڵاتی ئەنادۆڵ، بۆیە لەلایەن مێژوونووسانی موسڵمان و سریانی و ئەرمەنی و بێزەنتیەکانەوە وەک رووداوێکی کاریگەر بایەخی پێدراوە. (اسکندر،١٩٨٧، ٩-٢٥)

وەک لەسەرەوە باسکرا سەلجوقیەکان حوکمداری شارەکەیان بە شەدادیەکان سپارد، ئەم خانەدانە کوردە خاوەن هێزو ئەزموونە لە ناوچەکەدا سالآنێکە لەشاری دوین و

گەنجەش فەرمانڕەوان، بۆیە توانیان بە گیانێکی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان، لە نێوان سالآنی (٤٥٦-٥٩٥ک./١٠٦٤-١١٩٩ز.) حوکمڕانی شاری ئانیش بکەن و ئاوەدانی بکەنەوە، کە تا ئێستاش بەشێک لە شوێنەواری تەلارسازی سەردەمی ئەوان لە شارەکەدا ماوە. (Keleş, 2016, 57-304) (اسکندر،١٩٨٧، ٧)

بە گوێرەی ڕۆژژمێری کۆچی حوکمڕانی شەدادیەکان لە شاری ئانی نزیکەی سەدو چل ساڵی خایاند، میر مەنوچەر نزیکەی چل و هەشت ساڵ حوکمی کرد، (٤٥٦-٥٠٤ک./١٠٦٤-١١١٠ز.). کە لەسەردەمی ئەم میرەدا ئانی وەک شارێکی ئاوەدان و مەڵبەندێکی بازرگانی دەرکەوت. (Minorsky,1953, 82). دواتر ئەبولئەسوار شاوەری کوڕی جێگەی باوکی گرتەوە تا ساڵی (٥١٨ک./ ١١٢٤ز.) پاش گرتنەوەی شارەکە بۆ ماوەیەک لەلایەن گورجیەکان فەزلونی کوری ئەبولئەسوار لەنێوان سالآنی (٥١٩-٥٢٦ک./ ١١٢٥-١١٣١ز). توانی شارەکە بگەڕێنێتەوەو ببێتە میری شەدادیەکان لە شاری ئانی. دواتریش چوار میری تری شەدادی بەدوای یەکدا دێن تا ساڵی (٥٥٦ک./ ١١٦١ز.) حوکمداری میرنشینەکە دەکەن، بەڵام لەبەر فشارو هێرشی گورجیەکان، شاری ئانی دەکەوێتەوە دەست گورجیەکان کە لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیەوە پشتیوانی دەکران. (Minorsky,1953, 84-86).

بەڵام بە یارمەتی سەلجوقیەکان جارێکی تر شارەکە گەڕایەوە بۆ شەدادیەکان، وە لە نێوان سالآنی (٥٥٩-٥٩٥ک./١١٦٤- ١١٩٩ز.) دوو میری شەدادی فەرمانڕەوایی شارەکەیان کردەوە، (بڕوانە پاشکۆی ناوی میرەکانی شەدادی) بەتایبەت سوڵتان کوڕی مەحمود کوڕی شاوەر شەدادی (ڕۆس، ١٩٩٨،٢٠/ ٦١٦٤)، لەبەرئەوەی ئەم میرە ئاوەدانیەکی زۆری بۆ شارەکە گەڕاندەوە، بۆیە بە میر ئەبولموعەممەر (واتە: ئاوەدانکار) نازناوی دەرکرد، مزگەوتێکیشی بەو ناوە دروست کرد، کە یەکێکە لە شوێنەوارە دیارەکانی شەدادیەکان. بەڵام شارەکە بەیەکجاری لە ساڵی ( ٥٩٥ک./١١٩٩ز.) دەکەوێتە دەست گورجیەکان، لەو ساڵە بەدواوەش کۆتایی بە میرنشینی شەدادی دێت لە ناوچەکەدا. (Kırzıoğlu, 1953,402) (Arslan. 2021,54-65)

شایانی باسە پاش نزیکەی چل ساڵ لە دەسەڵاتی شەدادیەکان، لێشاوی مەغۆلەکان شاری ئانیش دەگرێتەوە، بۆیە لە نێوان سالآنی (٦٣٦-٧٥٩ک./ ١٢٣٩-١٣٥٨ز.) شارەکە لە بن دەستی مەغۆلەکان بووە، دواتر بنەماڵەی قەرەقۆینلۆ لە نێوان سالآنی (٧٨٢-٨٧١ک./ ١٣٨٠-١٤٦٧ز.)، پاشان دەوڵەتی ئاق قۆینلۆش لە نێوان سالآنی (٨٧١-٩١٤ک./١٤٦٧-١٥٠٨ز.) شارەکەیان گرتە دەست، تا لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی (٩٢٦-٩٧٤ک./١٥٢٠-١٥٦٦ز.) بویە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی (٦٩٨-١٣٤٢ک./١٢٩٩-١٩٢٣ز) Arslan. 2021,54-65. BOY,2019, 1303-1308

شاری ئـانی سـەرباری ڕۆڵـی ئـاینی و سیاسـی و سـەربازی بۆ سـەردەمانێکی درێژ ڕۆڵـی کاروانسەرایەکی بازرگـانی دەبینـی لەسـەر ڕێگـای ئاوریشم، لە نێوان ئێران و ئازەربایجـان و هەرێمـی دەریـای ڕەش، بەڵام ئەم شـارە کەوتـۆتە نـاوچەیەک بـوومەلەرزەی زۆر لێـی دەدات، بەتـایبەت بـوومەلەرزەیەکی بەهێـز کە لەسـاڵی (١٠١٤ک./ ١٦٠٥ز.) بەر شـارەکە کەوت، بـویە هۆکاری ئەوەی شارەکە ببێتە وێرانەو ژیان تیایدا نەمێنێت. (BOY,2019, 1303) ( Arslan, 2021, 54-65) بۆیە گەریـدەی نـاودار ئۆلیا چەلەبـی (م.١٦٨٢ز.) لەکـاتی چوونی بەرەو شـاری یەریڤـانی -پـایتەختی ئەمـڕۆی ئەرمەنسـتان- لە سـاڵی (١٠٥٧ک./ ١٦٤٧ز.) شـاری ئـانی وەک وێرانەیەک وەسف دەکات. (ÇELEBI,1970, 2)/٣٣٦

هەڵبەتە ئەم شارە هەرچەندە زیاتر لە چوار سەدەیە وێرانەیە، بەڵام گـرنگی مێژوویی خۆی هەیە بـۆ وڵاتێکـی وەک تورکیـا کە بەشـێکە لەمێـژوو و جوگرافیـاکەی، بەڵام بـۆ وڵاتێکی وەک ئەرمینیـا گـرنگی سیاسی و ئاینیشی هەیە، چونکە سـەردەمێک پـایەختی سیاسی و ئاینی ئەرمەنەکان بوە. ئەمەش بە روونی تێبینی دەکرێت لە مۆزەخانەی نیشتیمانی لە شـاری یەریڤـان کە چـۆن شـوێنەواری شـارەکە پیشـان دراوە لە نەخشـەیەکی سێ لاییـدا، پلانیان چۆنە بۆ دووبـارە بنیتنـانەوەی شـارەکە، کە هـیچ منـارەیەکی مـزگەوت لە شـارەکەدا نیە، بەڵام هەر کلێسایەک هەبێت یـان بووبێت وێنەی کێشراوە.( بـڕوانە پاشـکۆی نەخشـەی شار). هەروەها لەسـەر وێنەی ئەو پـولە فەرمیـانەی هەن لە ئەرمینیا وێنەی کلێسـای گەورەی شـاری ئـانی لەسـەر دانـراوە. هەروەهـا لە نـاو ئەدەب و کەلتـوری خەڵکـی ئەرمەنـدا نـاوی ئـانی ئامـادەیی هەیە لە شـیعرو ڕۆمـان ، هەروەکـو نـاوێکە بـۆ کچـان و بـۆ بەرهەم و مـارکە بەناوبانگەکان[٦].

**تەوەرەی سێیەم: شوێنەوارەکانی سەردەمی شەدادی لە شاری ئانی**

ناوبـانگی مێژویی و بـوونی چەنـدین شـوێنەواری سـەردەمە جیاوازەکـانی شـاری ئـانی سـەرنجی گەریـدەکانی ڕاکێشـاوە، لەسـەردەمە جیاوازەکانـدا گەریـدەی ڕۆژئـاوایی زۆر یادداشـتی خۆیـان لەسـەر شـوێنەوارەکانی ئەم شـارە تۆمـار کـردوە. لە نێـوان سـاڵانی(٦٥٣-١٣٨٥ک./١٢٥٥-١٩٦٧ز.) زیاتر لە شازدە گەڕیدە لەسەر شوێنەوارەکانی ئەم شارە تێبینی خۆیان یادداشـت کـردوە، بەڵکـو بەشـێکیان بەر لەسـەردەمی کـامێرا وێـنەی شـوێنەوارەکانیان دەکێشـا، لەوانە ڕۆژهەڵاتنـاسـی فەرەنسـی م.ف. بروسـیت (م.١٨٨٠ز.). دواتـر بە کـامێرا وێـنەی شوێنەوارەکان گیراون، هەشیانە ئەوەی دیویانە لەو شارە بەشێوەی ڕۆمان بڵاویان کردۆتەوە.[7]

پیـاوانی ئـاینی ئەرمەنـی لەهەمـوان زیـاتر پەرۆشـی شـوێنەوارەکانی شـاری ئـانی بـوون، بـۆیە لەسـاڵی ١٨٤٨ز. داوایەک پێشکەشـی سـوڵتان عەبدولمەجیـدی یەکەم (١٨٢٣-١٨٦١ز.) دەکەن بۆ ئـاوەدانکردنەوەی شـارەکە، بەڵام دوای هەڵسـەنگاندنی پـرۆژەکە، لەبەر هۆکـاری

زۆری خەرجـیـەکـەی بـۆ ئەو سـەردەمەی دەوڵەتـی عوسـمـانی، داواکـەیـان نەکەوتە بـواری جێبەجێکردنەوە.(Arslan, 2021,67)

سەردەمێک کە ئەو ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی روسیا بوو[8]، دەستەیەک لە پسپۆڕانی زانکۆی سانت پترۆسپۆرگی روسی دەستیان بە گەڕان و کنەکاری کردوە، بە سەرۆکایەتی رۆژهەڵاتناس و شوێنەوارناس نیکۆلای مار (م.١٩٣٤) لە ساڵی (١٨٩٢-١٨٩٣ز.) پاشان هەمان دەستە لەنێوان ساڵانی (١٩٠٤-١٩١٧ز.) لەئەنجامی ئەم کنەکاریە شوێنەواری جۆراو جۆر لە دیواری شورەی شارو پەرستگە و کڵێسەو مزگەوت و گەرماو و خەزێنەی ئاو و کۆشک و رێگاو بان و خان و بازاڕ و کێلی گۆڕی شازادەکان دیاری دەکات، کەلەو نەخشەیەی کێشاویەتی بۆ شوێنەواری ناو شارو دەوروبەری سەدوحەڤدە شوێنەواری دەستنیشان کردوە، کە بەلێدانی ئەم لینکە[9] نەخشەکە دەردەکەوێت. (Watenpaugh,2014, 529)

پسـپۆڕانی زانکۆکـانی تورکیـاش لەسـاڵی ١٩٤٤ز. بەدواوە پشـکنین و لێکۆڵینەوەکانیـان بەردەوام بـوە لەسـەر شـوێنەواری ئەم شـارە. بەتـایبەت ئەو کنەکـاریەی زانکۆی هـاجەت تەپە لە نێوان سـاڵانی (١٩٨٩-٢٠٠٥ز.)بەسـەرۆکایەتی پرۆفیسـۆر بەیهـان کەرەمئاغـالاری ئەنجـامی باشـی لێـوەدەرکەوت. لە دوای سـاڵی ٢٠٠٦ز. یشـەوە بەڕێـوبەرایەتی مۆزەخانەی شـاری قـارس و زانکۆی قەفقاسـیای ئەو شـارە کـاری کنەکـاری لە شـاری ئانیـدا گرتۆتە ئەستۆی خۆی.(Arslan, 2021,69-75)

لە دەرئەنجـامی ئەو کنەکاریـانەی کە باسـکران، شـوێنەوارە بەجێماوەکـانی سەردەمی شەدادیەکان لەو شارەدا، دەکرێت بەم جۆرە دابەش بکرێت:

**یەکەم: شوێنەواری مزگەوتەکان**

لەدیارترین شـوێنەواری پەرسـتگەی بەجێمـاوی شـەدادیەکان لە شـاری ئـانی دەکرێت بـاس لە سـێ مـزگەوت بکرێـت کە دروسـتکردنەکەی بـۆ سـەردەمی ئەو خـانەدانە دەگەرێنرێتەوە، لەوانە:

**١.شوێنەواری مزگەوتی مەنوچەر**

یەک لەو شوێنەوارانەی تا ئێستا ماوە مزگەوتی مەنوچەرە، کە لە باڵەخانەیەکی دوو قـاتی پێکدێت و دەکەوێتە نـاو قەڵای نـاوەوەی شـارەکە، بەجۆرێـک لەلای رۆژهەڵاتیـەوە دەڕوانێت بەسەر رووباری ئارپا چایدا. گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسان نووسینەکانی سەر دیواری بەشی رۆژئـاوای مزگەوتەکەیـان بەر لە رووخـانی خوێنـدۆتەوە، کە لەو نووسـینەدا کە بەخەتـی کوفی گوڵدار ئەمەی خوارەوە نوسرابوو:

بسـم اللـه الـرحمن الـرحيم امـر ببنـاء هـذا المسـجد والمنـارة الاميـر الاجـل شـجاع الدولة ابو شجاع منوجهر بن شاور في دولة مولانا السلطان المعظم شهنشاه الاعظم ابي فتح ملك شاه بن الب أرسلان. (بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی مەنوچەر)

هەرچەندە لەم نووسینەدا ساڵی دروستکردنی لەسەر نیە، بەڵام ناوی میری شەدادی میر مەنوچەر کوڕی شاوەر. هەروەها ناوی مەلیک شای کوڕی ئەلب ئەرسەلان دەرباز دەبێت، دەتوانرێت ساڵی دروستکردنەکە لە نێوان ساڵانی (٤٧٨-٤٨٥ک./ ١٠٨٦-١٠٩٢ز.) مەزەندە بکرێت، چونکە مەلیک شاە لەو ماوەیەدا حوکمڕانی کردوە. (Erdal, 2019,132-133)

هەروەها لەسەر هەمان دیوار نووسراوێکی درێژ هەبوە بە زمانی فارسی: لەشێوەی باندێکی ئاسۆیی درێژدا نووسراوێکی تەواونەکراو هەبوە کە دەڵێت میر مەنوچەر مزگەوتەکەی دامەزراندوە، لەخوار ئەم نوسراوە فارسیەش نووسراوێکی پارچەپارچە هەبوە بە زمانی ئەرمەنی وجۆرجی.( Erdal, 2019,130 )

لەو مزگەوتە دووو قاتیەدا کە بە بەردی سورو رەش دروست کراوە، قاتی یەکەمی لە چوار بەش پێکهاتووە وەک خوێندگە بەکارهاتوە، لە چوار پەنجەرەی گەورەوە دەڕوانێت بەسەر روبای ئارپاچایدا. سەقف وگومەتی مزگەوتەکە بەنەخشی بەردینی جیاواز لەسەری دەبینرێت. لەپاڵیدا منارەیەکی هەشت لا بەبەرزی نەوەدو نۆ پلەکانە دروست کراوە (بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی مەنوچەر)(YILDRIM,2010,107-109)

هەروەها لە سەر منارەی مزگەوتی مەنوچەر لە بەری رۆژئاوای منارەی مزگەوتەکە بە خەتی جەلی سولس لە یەک دێڕدا بەبەردی سپی نوسراوە (بسم الله) هێندە بە گەورەیی نوسراوە ، بەتایبەت پیتی (ب) لە شێوەی پیتی ئەلیف بە ئەندازەی ٥٢ سانتیم درێژ کراوەتەوە هەر لەدوورەوە سەرنجی تەماشاکار ڕادەکێشێت، لەسەر پیتی (س) وێنەی بەردێکی ڕەنگ سوور لە شێوەی گوڵی لالە دەبینرێت. شایانی باسە لەسەر منارەکە هیچ نوسراوێکی تر نیە، وەک ساڵی دروستکردن و کێ دروستی کردوە، (بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی مەنوچەر) بەڵام بە گوێرەی نوسراوی سەردیواری مزگەوتەکە کە وشەی (المنارە) شی تێدابوو، روون دەبێتەوە کە منارەکەش لەگەڵ مزگەوتەکە لە ساڵانی (٤٧٨-٤٨٥ک./١٠٨٦-١٠٩٢ز.) لەسەردەمی میر مەنوچەر دروستکراوە..(Erdal, 2019,134-135)

لەگەڵ ئەمەشدا بەشێک لە نووسەرانی ئەرمەن پێیان وایە کە بینای ئەم مزگەوتە پێش لە هاتنی سەلجوقیەکان هەبوە، لە بنەڕەتدا کۆشکێک یان کلێسایەکی کۆن بووە و دواتر گۆڕدراوە بۆ مزگەوت. بەڵام لەراستیدا رای سەرەوە زیاتر جێگەی باوەڕە، چونکە تەلاری بیناسازی مزگەوتەکە هیچ بە تەلاری کلێسا ئەرمەنیەکانی ئەو سەردەمە ناچێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر بە تەلاری سەردەمی سەلجوقیەکان دەچێت. (KARAKAYA, 2004,29/156)

**٢.شوێنەواری مزگەوتی ئەبو موعەممەران**

ئەم مزگەوتە لەلایەن میری شەدادی سوڵتان کوڕی مەحموود کوڕی شاوەر شەدادی بوو کەناسراوە بە میر ئەبولموعەممەر دروستکراوە، بۆیە بە یەکێک لە شوێنەوارە

دیارەکانی شەدادیەکان دادەنرێت، کە کەوتبوە باکوری مزگەوتی مەنوچەر، لەسەر شەقامی سەرەکی بازاری شاری ئانی بنیات نراوە، بەگوێرەی وەسفی گەریدەکان مزگەوتێکی گەورە بوە جێگەی پەرستش و خوێندنی لەخۆ گرتبوو. (Erdal,2010,124)

لەسەر دیواری رووخاوی مزگەوتەکە چەند دێرێک بە فارسی نوسراوە کە ناوی شەدادی تێدا دەرباز دەبێت. مزگەوتەکەش لە ساڵی ١٩١٧ز. بەیەکجاری رووخێنرا ( بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی ئەبولموعەممەران). منارەی مزگەوتەکەش وەک منارەی مزگەوتی مەنوچەر هەشت لا بوە، بەڵام لەو بەرزتر بوە وە لەسەر منارەکە نوسراوێک هەبوە کە مێژووی بنیاتنانی منارەکەی بۆ ساڵی (٥٩٥ک./ ١١٩٩ز.) نیشان دەدا. شایانی باسە ئەم منارەیە نزیکەی حەوت سەد ساڵ بەرگەی هەموو ئەو زەمینلەرزانەی گرت کە لەمێژووی ناوچەکەدا روویداوە. بەڵام لەو چل ساڵەی شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی روسیا بوو، یەک لەپیاوانی ئاینی ئەرمەنی لەساڵی ١٨٩٤ز. بەدینامیت منارەکەی رووخاندوە.( YILDRIM,2010, 111) (بڕاونە پاشکۆی مزگەوتی ئەبولموعەممەران)

شایانی باسە میسیۆنێری فەرەنسی ئێگۆنە بورە (م.١٨٧٨ز.) کە بە ناوچەکەدا بەکاری میسیۆنێری خەریک بوە، لەساڵی ١٨٣٨ز. سەردانی شاری ئانی کردوەو، نوسراوی سەر منارەکەی تۆمار کردوە کە بریتی بوە لە حەوت دێڕ بەزمانی فارسی بەخەتی کوفی و دێڕێکیش بە زمانی ئەرمەنی، کە ئەمەی خوارەوەی لەسەر نوسراوە: (Erdal, 2016, 485-486) ( Eser,2019,2157)

١. سلطان بن محمود بن شاور بن منوچهر من کی

٢.الشدادی از برای جان درازی جدو فرزندانم

٣.چنان فرمودیم کی پنبە فروشی و قطانی ازین سر

٤.است خریدکی مسجد ابو المعمران است تا بدکان کو سبیل

٥.وفروخت هم اینجا فرمودیم کی بکنند هر کی درین فرمان

٦.طعنە زند در خشم خدای (عز) و تعالی گرفتار باشد

٧.فی تاریخ خمس وتسعین وخمسمایە

٨. دێڕێک بە زمانی ئەرمەنی هەبوە

بە کورتی و بە کوردی: من کە سوڵتان مەحمود کوڕی شاوەر کوڕی مەنوچەری شەدادیم، بۆ بەردەوامی گیانی باپیرو کوڕەکانم فەرمانمان کردوە: پەموو کەتان فرۆشی بۆ خەرجی مزگەوتی ئەبو لموعمرانە بەڵکو هەرچی مامەڵەی دوکانە خێرەکەی بۆ مزگەوتە، هەروەکو وتوومانە هەرکەسیش تانە بدات لەم فەرمانە و پێچەوانەکەی بکات، بە خەشمی خودای بەهێزو باڵا گرفتار بێت. لە ساڵی ٥٩٥ک./١١٩٩ز.

**٣. شوێنەواری مزگەوتی حەمزە خۆجە کوڕی قوبادشا کوڕی مەحمود**

لێکۆڵەران بەگوێرەی شوێنەوارە نووسراوەکانی نێو شارەکە گەشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مزگەوتێک هەبوە لە ساڵی ٤٦٥ک./١٠٧٣ز. بنیات نراوە بە ناوی حەمزە خۆجە، کە بە زمانی عەرەبی و خەتی کوفی چەند نوسینێک هەیە ئاماژە بەو زانیاریانە دەکات، بەڵام تا ئێستا بەتەواوی جێگای مزگەوتەکە دەستنیشان نەکراوە. ( Arslan, 2021, 125-126)

دەکرێت ئەوەی رۆژهەڵاتناسی روسی ن.مار دۆزیویەتیەوە، پەیوەندی ببێت بەو منارەو مزگەوتەوە. کە لەسەر دوو بەردی هەڵکۆڵراوی شکاو کە بەزمانی عەرەبی بە خەتی سولس لە دوو ڕیزدا لەچوار چێوەیەکی لاکێشەییدا نوسراوە:


منارة هذ الجدار لبيت الله

رحمه الله عالي بن سعيد

بەگشتی ئەم شێوە نووسینە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی شەدادیەکان. (Erdal,2016,129)

**دووەم: شوێنەواری نووسراو لەسەر باڵەخانەی کریستانەکان**

نووسراوی کڵێسەی سەنت پۆرکیتچ لە باکووری رۆژهەڵاتی شاری ئانیە و لە ساڵی (٤٢٨ک./ ١٠٣٧ز.) لەلایەن شازادە ئەبولغرێب پەهلوڤانی بنیاتنراوە ، لەکۆی پێنج نووسراوی ئەرمەنی لەسەر ڕووپۆشەکانی بیناکە یەکێک لەو نووسراوانە لە سەر دەروازەی رۆژئاوای کڵێساکە دەگرێتەوە بۆ سەدەی دوازدەهەمی زاینی.



مانای نووسراوەکە:

لەسەردەمی بارسێگدا کە خوداو رۆحە پیرۆزەکان شەرەفمەندی کردوە، خاوەن ناوبانگی باش نەوەی مەنوچەر میر موحەممەد کوری میر لە رۆژانی حوکمڕانیدا لە ساڵی (٥٨٩ک./١١٩٣ز.) مـن سۆستەنس کوری قەشە تـرداد، سەرۆک قەشەی ئـارانوچ و نەوەی گیڤرۆک و خێزانم خزمەتکاری عیسا، خودا بە میهرەبانی خۆی ئەرکی خۆمانمان زانی، بۆیە لە میراتی خۆمان پارەیەکی زۆرمان بە هەوڵ و تێکۆشانەوە هۆڵێکمان دروستکرد بە

مەبەستی پێشوازی و لەخۆگرتنی کەسانێک لەسەفەرەوە دێن بەزستان یان بە هاوین بۆ کلێسا.(Erdal,2019,136)

لە دەقەکەدا بە ڕوونی ناوی میرموحەمەد نەوەی میر مەنوچەر هاتوەو ساڵی دروستکرنیشی تێدایە. ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر باری پێکەوەژیان و تەبایی نێوان ئاینەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شەدادیەکان لە شاری ئانی.

**سێیەم: شوێنەواری سەربازی**

شارەکە لەسەر شێوازی سێگۆشەدا بە شورەیەک دەورە دراوە، کە لەبەشی رۆژهەڵاتەوە روباری ئەرپاچایەوە دەست پێدەکات تا رۆژئاوای شار کە رووبار بۆستانجی بەتەنیشتیدا دەڕوات، واتە شورەکە کەوتۆتە نێوان ئەو دوو ڕووبارەوە، هەشت دەروازەو قاپی تێدایە.

**١. دەوازەی سەرەکی ناسراو بە ئەرسلان کاپی**

لەکاتی فەتحکردنی شارەکە لەلایەن ئەلپ ئەرسەلان لە ساڵی٤٥٦ک/ ١٠٦٤ز. شورەی شار لەچەند لاوە رووخابوو، میر مەنوچەری شەددادی هەستا بە نۆژەنکردنەوەو قایمکردنی زیاتری شورەکە، یەک لەو جێگانەی نۆژەنی کردەوە دەوازەیەکی سەرەکی بوو ناوی لێنا ئەرسلان کاپی، لەسەر دەروازەکە جگە لە دانانی وێنەی شێرێکی لەبەرد هەڵکۆڵراو لەسەر بورجی لای راستی تەنیشت دەوازەکە لەسەر بەردێک لە چوار دێڕدا بە خەتی کوفی ئەم چوار دێرەی لەسەر بەردی هەڵکۆڵراو داناوە: (بڕوانە پاشکۆی شوێنە سەربازیەکان)

بسم الله الرحمن الرحيم

أمر ببناء هذا البرج الأمير الأجل

المنصور شجاع الدولة أبو

شجاع منوجهر بن شاور

لەسەر بەردەکە مێژووی ئەم فەرمانە نەنوسراوە، تەنها ناوی میر مەنوچەری شەدادی نوسراوە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت لە نێوان ساڵانی (٤٥٦-٤٥٨ک./ ١٠٦٤-١٠٦٦ز) ئەو بورجە نۆژەنکراوەتەوە.(Erdal,2019,130)

میر مەنوچەر جگە لەمەش لەرۆژهەڵاتی دەروازەکەوە دوو بورجی بۆ شورەکە زیادکردو لەسەر بورجەکە وێنەی تاشراوی دوو ئەژدیاو سەری گایەکی قۆچداری داناوە. ، هەروەها لەجێگاکانی تریش شورەی شاری قایم کرد. (YILDIRIM, 2010,94) (بڕوانە پاشکۆی شوێنە سەربازیەکان)

**٢. دەرگای قەڵای ناوخۆ**

شەدادیەکان لەو ناوچانەی حوکمڕانیان کردوە لەسەر ئەو بینا سەربازیانەی دروستیان کردوە نوسراویان جێهێشتوە. لەوانە چەند نوسراوێک هەن لەسەر دەرگای قەڵای ناوخۆ ئەم چەند دێڕە نوسراوە:

أمر ببناء هذا الباب في أوائل ربيع الأول:

فەرمانی کرد بە دروستکردنی ئەم دەرگایە لە سەرەتاکانی رەبیعی یەکەم


الأمير الأسب سالار فخر الدين شداد : میر ئەسپ سالار فەخرەدین (شەداد)

بن محموود بن شاور بن منوجهر حسام أمير المؤمنين :

کوڕی مەحمود ، کوڕی شاوەری کوڕی مەنوچەهر شمشێری میری باوەڕداران.

لەبەر ئەوەی لەسەر بەردە هەڵکۆڵراوەکە هیچ ساڵێک نەنوسراوە، تەنها ناوی فەخرەدین مەحمود شاوەر هەیە. دەکرێت بگەرێتەوە بۆ بەر لە ساڵی (٥٥٠ک./١١٥٥ز.) . چونکە لەم ساڵەدا فەزل کوڕی مەحموود جێگەی فەخرەدین برای گرتەوە. (Erdal,2019,131)

**٣. لە باکوری رۆژئاوای شار بورجێک دروستکراوە لە لایەن دەوڵەمەندێکی ئەرمەنی شاری ئانی،** لە سەر بورجەکە لەسەر بەردێک بە زمانی ئەرمەنی نوسراوە:



بە کورتی واتە: لە سەردەمی حوکمڕانی فەدلۆن (٥٥٠-٥٥٦ک./ ١١٥٥-١١٦١ز.) و بارسەگی کاسۆلیکدا ، من ئەبراهام، بۆ یادی خۆم و بنەماڵەکەم، ئەم بورجەم بە دەرامەتە حەڵاڵەکانی خۆم بنیاد ناوە. با خوێنەرانی لە نزاکانیان یادی من و بنەماڵەکەم و ڤارداپێت ئەراکیل بکەن.(Erdal,2019,132)

وادیارە لە سەردەمی میر فەزلون ی شەدادی واتە لە ساڵی (٥٥٤ک/١١٦٠ز) پارەدارێکی ئەرمەنی شاری ئانی هەستاوە بەم نۆژەنکردنەوەیە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ تەبایی و پێکەوە ژیانی نێوان دانیشتوانی شارەکە لە سەردەمی حوکمڕانی شەدادیەکاندا.

**چوارەم: شوێنەواری گەرماو لە شاری ئانی**

شوێنەواری دوو باڵەخانە دۆزراوەتەوە کە وا دیارە گەرماو بوون و لە سەردەمی شەدادیەکاندا دروست کراوە، ئەوانیش بە گەرماوی گەورە و گەرماوی بچووک ناسراون.

**١.گەرماوی گەورە**

دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی مزگەوتی ئەبولموعەمەران کە بەتەواوی دوای رووخانی کەوتبوە ژێر خاک تا لەدوای کنەکاری پرۆفیسۆر کەمال باڵکان و هاوڕێکانی لەساڵی ١٩٦٦ز. دۆزرایەوە. بەپێی زانیاریە مێژووییەکان لەساڵی (٥٣٧ک./ ١١٤٣ز.) ئەم گەرماوە هەبوە، هەرلەناو ئەو کنەکاری شوێنەواری گەرماوەکەدا سککەی پارەیەک بینراوەتەوە کە لەڕوویەکی ناوی مەلیکشا ولە روویەکی ناوی مەنوچەر نوسراوە. کە ئەمانە دەکرێت ببنە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم گەرماوە لەنێوان ساڵانی (٤٦٤-٤٨٣ک./ ١٠٧٢-١٠٩٠ز.) دروست کرابێت. لەبناغەی گەرماوەکە بەشەکانی وەک شوێنی ساردو گەرم و کوڵخان وبەشەکانی تر دەناسرێتەوە، کە چوار ژووری گەرمی گشتی و چوار ژووری بچووک دەناسرێتەوە.(بڕوانە پاشکۆی گەرماوەکان) (BALKAN,1970,40-41). (ESER, 2019, 2158)

**٢.گەرماوی بچوک**

دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی شاری ئانی، کە بچوکترە لە گەرماوی یەکەم بەلام بەهەمان شێوە هەموو بەشەکانی گەرماوی تێدا دەناسرێتەوە. هەرچەندە تا ئێستا شوێنەوارێکی نوسراو نەدۆزراوەتەوە، بەلام بەوەی وێنەی گەرماوی یەکەمە هەرلە سەردەمی شەدادیەکان دروست کرابێت.(بڕوانە پاشکۆی گەرماوەکان). (ERDAL,2010,132) (CENGIZ,2008,65-66) (ESER, 2019, 2159).

**پێنجەم: شوێنەوار و نوسراوی سەر گۆڕەکان**

نوسراوی سەر کێلی گۆڕە کۆنەکانی شاری ئانیش لایەنێکی مێژوویی وشوێنەواری سەردەمە کۆنەکان دەخەنە ڕوو، ئەوەی دۆزراوەتەوە لە بەردە هەڵکۆڵراوەکانی سەر کێلەکان کە پیشانی دەدەن ئەو گۆڕانە بۆ سەردەمی حوکمڕانی شەدادیەکان دەگەڕێتەوە.،(Erdal,2019,137-139) لەوانە:

**١.گۆڕی عەلائەددین**

لەسەر جێگەیەکی بەرز لە باشوری ڕۆژئاوای مزگەوتی فەتحییە گۆڕێک هەیە کە سندوقێکی هەشت لای نەخشێنراوی لەسەرە، نوسینی زۆری بە زمانی عەرەبی لەسەرەو زۆربەی زۆری ناخوێنرێتەوە تەنها ئەم چەند وشەیەی دەخوێنرێتەوە:

**انتقل من دار الدنيا الى دار الآخرة....علاءالدين.... وسعل...**

**لێکۆڵەران نوسراوی سەر ئەم گۆڕە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی شەدادیەکان**

٢. گۆڕی کوڕی رەحیم:

سندوقێکی لە بەرد دروست کراو کە لە لاکانی نووسراوی بە خەتی سولسی عەرەبی لەگەڵ نەخشێکی جوان وشەیەکی دەتوانرێت بخوێنرێتەوە کە بۆ سەردەمی شەدادیەکانی دەگێڕنەوە، (بڕوانە وێنەی پاشکۆی نوسراوی سەرگۆڕ) :

من دار الدنيا الى دار الآخرة .... ابن رحيم... نور الله قبره....

٣. نوسراوی سەر گۆڕێکی نەناسراو

لەسەر بەردی گۆڕێک بە خەتی سولسی عەرەبی چەند ئایەتێک نوسراوە، هەرچەندە ساڵی لەسەر نیە بەڵام لێکۆڵەران بۆ سەردەمی شەدادیەکانی دەگێڕنەوە، لە ئایەتانەی لەسەر گۆڕەکە نوسراون:

كل من عليها فان (سورة الرحمن)

بسم الله الرحمن الرحيم الله لا إله إلا هو الحي القيوم لا تأخذه سنة ولا نوم له ما في السماوات وما في الأرض من ذا الذي يشفع عنده إلا بإذنه يعلم ما بين أيديهم وما خلفهم ولا يحيطون بشيء من علمه إلا بما شاء وسع كرسيه السماوات والأرض ولا يئوده حفظهما وهو العلي العظيم، إن الدين عند الله الاسلام، كلها مما تنبت الارض ومن أنفسهم ومما لا يعلمون، وآية لهم الليل نسلخ منه النهار فإذا هم مظلمون والشمس تجري لمستقر لها ذلك تقدير العزيز العليم والقمر قدرناه منازل حتى عاد كالعرجون القديم لا الشمس ينبغي لها ان تدرك القمر والضرب لهم مثلا أصحاب القرية اذ جاءها المرسلون (چەند ئایەتێک لە چەند سورەتێکی جیاواز)

٤. نوسراوی سەر گۆڕێکی نەناسراو

هەروەها بەخەتی سولسی عەرەبی چەند ئایەتێک لەسەر بەرد هەڵکۆڵراوە، هەرچەندە مێژووی لەسەر نیە بەڵام چونکە وەک نووسینەکانی تر لێکۆڵەران دەیبەنەوە سەردەمی شەدادیەکان..

كل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام (سورة الرحمن)

بسم الله الرحمن الرحيم الله لا إله إلا هو الحي القيوم لا تأخذه سنة ولا نوم له ما في السماوات وما في الأرض من ذا الذي يشفع عنده إلا بإذنه يعلم ما بين أيديهم وما خلفهم ولا يحيطون بشيء من علمه إلا بما شاء وسع كرسيه السماوات والأرض ولا يئوده حفظهما وهو العلي العظيم. شهد الله أنه لا إله الا هو والملائكة وأولوا العلم قائما بالقسط لا إله الا هو العزيز الحكيم. ان الدين عند الله الاسلام. (سورة آل عمران) لەگەڵ چەند ئایەتێک لە سورەتی یاسین.

**ئەنجام:**

دوای ناساندنێکی خێرای مێژووی خانەدانی شەدادی و خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی شاری ئانی، دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەوارانەی بۆ سەردەمی شەدادیەکان دەگەڕێتەوە، دەکرێت ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوەی لێبگیرێت:

١. شەدادیەکان خانەدانێکی کورد بوون کە لە نێوان سالانی (٣٤٠-٥٩٥ک/٩٥١-١١٩٩ز.) لە ناوچەی ئاران وئازەربایجان فەرمانڕەوا بوون، سەرەتا لە شاری دوین دەسەڵاتی خۆیان جێگیر کرد، پاشان شاری گەنجەیان خستە بن دەستی خۆیان، دواتریش بوونە فەرمانڕەوای شاری ئانی، کە ئەمڕۆ ئەو سێ شارە دەکەوێتە نێو سنووری سێ وڵاتی جیاوازەوە.

٢. شاری ئانی لە نێوان سالانی (٣١١-١٦٠٥ز.) بەبەردەوام ئاوەدان بوەو، خانەدانی شەدادی لەنێوان سالانی (٤٥٦-٥٩٥ک./ ١٠٦٤-١١٩٩ز.) فەرمانڕەوای شارەکە بوون، سەردەمی ئەوان بەسەردەمی بنیاتنان و ئاوەدانی و تەبایی و پێکەوە ژیان دادەنرێت، چونکە میرانی شەدادی جگە لە پارێزگاری کردن لە ئاوەدانیەکانی پێشتری شارەکە، شارەکەیان زیاتر ئاوەدان کردوە، شوێنەوارەکانی ئەو سەردەمە گەواهی ئەو ڕاستیە مێژووییە دەدەن .

٣. شاری ئانی بەر لەهەموان سەرنجی گەڕیدە ڕۆژئاواییەکانی ڕاکێشاوە، دواتر ڕۆژهەڵاتناس و شوێنەوارناسانی روسی کەوتنە کۆڵین و پشکنینی شوێنەوارەکانی شارەکە، کە بە وێنەکێشان یان وێنە گرتن یان بە خوێندنەوەی نوسراوەکان، توانیان بەشێکی شوێنەوارەکانی بناسێنن.

٤. لەسەدەی بیستەمی زاینیدا، بە دیاریکراوی لەساڵی ( ١٩٤٤ز.) بەدواوە زانکۆکانی وڵاتی تورکیا بەری خۆیان دایە کنەکاری و پشکنینی شوێنەوارەکانی شاری ئانی، ئەنجامی ئەم گرنگی پێدانە چەندین بەرهەمی زانستیە: وەک وتاری زانستی یان وەک نامەی زانکۆیی، یان وەک بەرهەمی سەربەخۆ بڵاوکرانەوە.

٥. شاری ئانی شوێنەواری زۆری تێدا دەستنیشان کراوە، بەڵام ئەوەی تایبەتە بەسەردەمی شەدادیەکان دەکرێت دابەش بکرێت بۆ شوێنەواری ئاینی وەک مزگەوت و کڵێسا، شوێنەواری سەربازی کە مەبەست لێی نۆژەنکردنەوەو قایمکردنی شورەو بورجەکانی دەوری شارە. هەروەها شوێنەواری خزمەتگوزاری وەک گەرماو، هەروەها نوسراوی سەر کێلی بەشێک لە گۆڕەکانیش بۆ سەردەمی شەدادیەکان دەگەڕێتەوە.

٦. میرانی شەدادی بەگشتی خەریکی خزمەت و ئاوەدانکردنەوە بوون، بەڵام جێدەستی دوو لەو میرانە لە هەموویان زیاتر دیارترە، یەکەمیان میر مەنوچەر کە چل وحەوت ساڵ فەرمانڕەوای شاری ئانی بوە، دوەمیشیان سوڵتان کوڕی مەحموود کوڕی شاوەر شەدادی بووکە سی وپێنج ساڵ حوکمڕانی هەمان شار بوە، ئەم میرە لەبەر بایەخدانی بەردەوامی

بەئـاوەدانی شـارەکە بە میـر ئەبولمـوعەممەر ناسـراوە. هەردوکیشـیان بەنـاوی خۆیـان دوو مزگەوتی مەزنیان لەشارەکەدا دروستکردوە.

٧. ناوەڕۆکی نووسراوەکانی سەردەمی شەدادیەکان یاخود ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە، یاخود دۆعـایەکە، یـاخود فەرمـانی میـرێکە بـۆ دروسـتکردنی بورجێـک یـان دەروازەیەک، یـان منارەیەک یان مزگەوتێک. نوسینەکان بەزمانی عەرەبی و فارسی و ئەرمەنیە و جۆرجیە. بەڵام زۆرینەی عەرەبیەو بە خەتی سولسی عەرەبی نوسراوە.

٨. شـاری ئـانی مۆزەخـانەیەکی کـراوەیە، شـوێنەواری پـێش ئیسـلام و سـەردەمە جیاوازەکـانی مێـژووی ئیسـلامی تێـدایە، ئەم شـوێنەوارانە لەپـاڵ یەکـدا بەڵـگەی پێکەوەژیـانی نێـوان ئاینەکانە، هێژایە بە جۆرێک نوێ بکرێتەوە، تـا مرۆڤـایەتی لە چوارلای دونیـاوە سـەردانی بکەن و پەندی پێکەوەژیانی سەردەمانی رابردووی لێ وەربگرن.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


- أسـكندر، فـايز نجيـب، ١٩٨٣، الفتوحـات الاسـلامية لأرمينيـة، أسـكندرية، دار نشـر الثقافة.
- أسـكندر، فـايز نجيـب، ١٩٨٧، اسـتيلاء السـلاجقة علـى عاصـمة أرمينيـة (آنـي)، أسكندرية، توزيع دار الفكر الجامعي.
- بارتولـد، ف، ١٩٦٩، دائـرة المعـارف الاسـلامية، ترجمـة: نخبـة مـن اسـاتذة الجامعـات المصرية والعربية، المجلد الثالث، الطبعة الثانية، القاهرة، دار الشعب.
- رسول، اسماعيل شكر، (٢٠٠١)، الشداديون في بلاد اران، اربيل، مطبعة وزارة التربية .
- رۆس. سير دينسـون، ( ١٩٩٨): بنـو شـداد، مـوجز دائـرة المعـارف الاسـلامية،ج٢٠، الطبعة الاولى، الشارقة، مركز الشارقة للابداع الفكري.
- زامباور، أدوارد فون، (١٩٨٠) معجم الأنساب والأسرات الحاكمة في التـاريخ الاسلامي، ترجمة زكي محمد حسن و حسن أحمد محمود، بيروت، دار الرائد العربي.
- لسترنج، گی، (١٩٨٥)، بلدان الخلافة الشرقية يتنـاول صفة العراق والجزيـرة وايـران واقليم آسيا الوسطى منذ الفتح الاسلامي حتـى عهـد تيمـور ، ترجمـة وتعليـق: بشـير فرنسيس و كوركيس عواد، بيروت، مؤسسة الرسالة.


## سەرچاوەکان بە زمانی تورکی:


- Balkan, Kemal,1970, “Ani’deki Selçuklu Hamamı”, Anadolu, S.XII, Ankara: TTK Basımevi.
- BOY, Arzu, (2019), ANI ŞEHRİ’NİN DOĞUŞ VE KARSELİ DERGİLERİNE YANSIYAN YÜZÜ, Journal of History School (JOHS), Year 12, Issue XLIII.
- CENGIZ, Ercan 2008, ŞEDDADÐLER DÖNEMÐNDE ANI (1064-1200), YÜKSEK LISANS TEZI, KARS.

- Çelebi, Evliya,1970, Seyahatname,cilt.II, Çeviren: Zuhuri Danışman, İstanbul.
- Erdal, Zekai,2010, “Büyük Selçuklular Öncesi Kafkaslardaki Beylikler: Şeddadiler” Uluslararası Van Gölü Havzası Sempozyumu, Istanbul.
- Erdal Zekai, 2016, “Şeddadi Kitabeleri”. Nahçıvan ve Doğu Anadolu Abideleri UluslararasıSempozyumu, Ankara.
- Erdal Zekai, 2019, Şeddadilerden Bahseden Kitabeler, Bingöl Üniversitesi İlahiyat Fakültesi Dergisi,
- Eser, Elvan & Veli Ulaş Asmadili, 2019, Bir Kültür Mozaiği Olan Ani Kentine Götüren Raylar: Turistik Doğu Ekspresi, Akademik Tarih ve Düşünce Dergisi, Cilt:6, Sayı:4.
- KARAKAYA, ENiS, 2004, MENÜÇiHR CAMii Türkiye'nin Ermenistan sınırında Anadolu'daki ilk camilerden biri. İslam Ansiklopedisi, Ankara, Türkiye Diyanet Vakfı.
- Keleş, Nevzat, , 2016, Şeddadiler (951-1199) Ortaçağ'da Bir Kürt Hanedanı, İstanbul, Belge kültür sanat.
- KIRZIOĞLU, M. Fahrettin (1953), Kars Tarihi, I-II, İstanbul, Isil Matbaası.
- SEVINDI, Cemal, 2015, Tarihi Anı Şehri’nin (Kars) Kuruluş ve Gelişim Süreciyle İlgili Coğrafi Bir Analiz, https://www.researchgate.net/publication/314545139.
- TÜYSÜZ, Cem, 2017, Ani Kenti Ortaçağ Savunma Sistemlerinin Değerlendirilmesi, 21. Yüzyılda Eğitim ve Toplum,cilt 6, sayi 18
- YILDIRIM,Avşar, 2010, SELÇUKLU DEVRİNDE ANİ ŞEHRİ, YÜKSEK LİSANS TEZİ, Enstitü Bilim Dalı: Ortaçağ Tarihi, Sakarya Üniversitesi.
- http://e-derslik.edu.az/books/223/units/unit-1/page64.xhtml

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- Minorsky, V, 1953, Studies in Caucasian History, London, Taylor’s Foreign Press.
- Minorsky, V. 1958, A History of Sharvan and Darband in the 10th-11th Centuries, Cambridge.
- Watenpaugh, heghnar zeitlian, December 2014, Preserving the Medieval City of Ani: Cultural Heritage between Contest and Reconciliation, Journal of the Society of Architectural Historians, Vol. 73, No. 4.
- http://www.virtualani.org/

### پەراوێز:

---

[٤] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جوگرافیاو مێژووی ئەم ناوچەیە بڕوانە: Minorsky, V. 1958, A History of Sharvan and Darband in the 10th-11th Centuries,Cambridge

[٥] بۆ ناسینێکی گشتی میرانی شەدادی و سەردەمی هەریەکەیان بڕوانە پاشکۆی ناوی میرەکان.

[٦] بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ ماڵپەڕی تایبەت بە شاری ئانی:
(http://www.virtualani.org/maps/reconstruction.htm)

[7] بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی تایبەت بەشاری ئانی بکرێت:
.(www.virtualani.org/maps/marrplan.htm)

[٨] شایانی باسە شاری قارس لە ئەنجامی جەنگی نێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ ماوەی چل ساڵ لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨-١٩١٨ز. لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی روسیا بوە. جا ئەو دەستەیەی زانکۆی سانت پترسبۆرگ هەستاوون بە بردنی بەشێکی زۆری شوێنەوارەکان بۆ مۆزەخانەی مۆسکۆ و یەریڤان بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
(BOY, 2019,1300).

[9] www.virtualani.org/maps/marrplan.htm

## الشداديين في مدينة آني- دراسة تأريخية


**الملخص:**

تعد الآثار الإسلامية الموجودة في مدينة آنى جزءا لا يتجزأ من الحضارة الإسلامية ، ومن بين تلك الآثار، تتشكل آثار الشداديين في تلك المدينة جزءا مهما من آثارها الباقية.

أسس الشداديون إمارة في بلاد آران بين عامي ٣٤٠-٥٩٥ هـ/ ٩٥١-١١٩٩م ، إذ حكموا تلك المنطقة من مدن مركزية مثل دوين وكنجة وآني. وقد ازدهرت مدينة آني إبان حكمهم لها بين عامي (٤٥٦-٥٩٥ ك/ ١٠٦٤-١١٩٩م)، ولا تزال معالم وشواهد تلك الفترة باقية، متمثلا بمسجد منوجهر و الأبراج القائمة في أطراف المدينة.

استهل البحث بتاريخ الامارة الشدادية، ثم لخص تاريخ مدينة آني في عصورها المختلفة، لكي يتوقف في المحور الأخير على تلك الآثار المختلفة التي تعود الى عهد الشداديين، مقربا ذلك بخرائط وصور موضوعة في الملحق،وفي النهاية تم تثبيت المصادر المستخدمة.



**الكلمات المفتاحية:** *الأسرة الشدادية ، مدينة آني ، الآثار الإسلامية ، مسجد منوجهر، السلاجقة .*

**The remnants of the Shaddadids in the city of Ani - a historical study**

**Abstract:**

The Islamic remnants found in the city of Ani are an integral part of Islamic civilization, and among those remnants the Shaddadids in that city form an important part of its surviving monuments.


The Shaddadids established a principality in the land of Aran between (340-595 AH / 951-1199 AD) ruling that region from central cities such as: Dvin, Ganja and Ani. The city of Ani flourished during their rule between the years (456-595 AH / 1064-1199 AD), and the landmarks and evidence of that period still remain, represented by the Mosque of Manuchehr and the towers on the outskirts of the city.

This research deals with the subject in three axes, starting with the history of the Shaddaid dynasty, then summarizing the history of the city of Ani in its different eras, in order to stop in the last axis on those different remnants dating back to the era of the Shaddadids, approaching that with maps and pictures placed in the appendix, and in the end the sources used were installed.

**Keywords***: Shaddaid dynasty, Ani city, Islamic remnants, Manuchehr Mosque, Saljukids.*

## پاشکۆکان:

### پاشکۆی ناوی میرانی شەدادی




میرانی شەدادی لە هەر سێ شاری دوین و گەنجە و ئانی. (زامباور، ١٩٨٠، ٢٨٣)

TABLO-1
ŞEDDÂDÎ EMÎRLERİ'NİN LİSTESİ

GENCE KOLU

| | |
|---|---|
| Muhammed b. Şeddâd | : 951-955 |
| Ebû'l-Hasan Ali el-Leşkerî b. Muhammed | : 970-978 |
| Merzubân b. Muhammed | : 978-985 |
| Fadl (Fadlûn) b. Muhammed | : 985-1031 |
| Ebû'l-Feth Musa b. Fadl | : 1031-1034 |
| Ebû'l-Hasan Ali II. el-Leşkerî b. Musa | : 1034-1049 |
| Ânûşirvân b. Ebû'l-Hasan Ali el-Leşkerî | : 1049 |
| Ebû'l-Esvâr Şavûr b. Fadl | : 1049-1067 |
| Fadl (Fadlûn) b. Ebû'l-Esvâr Şâvur | : 1067-1073 |
| Aşot b. Ebû'l-Esvâr Şâvur | : 1068-1069 |
| Fadl (Fadlûn) b. Fadl | : 1073-1075 |
| Fadl (Fadlûn) b. Ebû'l-Esvâr Şâvur | : Yak. 1077-1088 (İkinci saltanatı) |

DVİN KOLU

| | |
|---|---|
| Ebû'l-Esvâr Şâvur | : Yak. 1021-1049 |
| Ebû Nasr İskender b. Ebû'l-Esvâr Şâvur | : 1053-1105 |


ANİ KOLU

| | |
|---|---|
| Menûçehr b. Ebû'l-Esvâr Şâvur | : Yak. 1065-1110/1111 |
| Ebû'l-Esvâr Şavûr b. Menûçehr | : Yak. 1110/1111-1124 |
| Fadl (Fadlûn) b. Ebû'l-Esvâr II. Şâvur | : 1126-1132 |
| Huşçehr (Hoşçehr) b. Ebû'l-Esvâr II. Şâvur | : 1132-? |
| Mahmud b. Ebû'l-Esvâr II. Şâvur | : ?-? |
| Fahreddin Şeddâd b. Mahmud | : ?-1155 |
| Fadl (Fadlûn) b. Mahmud | : 1155-1161 |
| Şahinşah b. Mahmud | : 1164-1174 |
| Sultan b. Mahmud | : ?-1199 |

ناوی میرانی شەدادی و ساڵانی فەرمانڕەواییان. (KELEŞ. 2016.361)





نەخشەو سنوری میرنشینی شەدادی لە ماڵپەڕێکی ئازەربایجانی وەرگیراوە کە شارەکانی ئانی و گەنجە و دوین https://e-derslik.edu.az/books/223/units/unit-1/page64.xhtتێدایە




نەخشەی شوێنەوارەکانی شاری ئانی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس نیکۆڵای مار ١٩٣٤ http://www.virtualani.org/maps/marrplan.htm



رەوشی ئێستای شاری ئانی لە وێنەیەک کە لە فڕۆکەوە وەرگیراوە.
http://www.virtualani.org/anifromtheair/index.htm



نەخشەیەک کە لەمۆزەخانەی نیشتیمانی ئەرمەنستان پیشان دراوە کە تەواوی شوێنەکان وێنەکراوە بەڵام نە منارەی مزگەوتی مەنوچەر نە شوێنەواری مزگەوتی ئەبوموعەممەران نەکێشراوە. ئەم وێنەیە بە شەش وێنەی تر روون کراوەتەوە
http://www.virtualani.org/maps/reconstruction.htm



پاشکۆی مزگەوتی مەنوچەر



دیمەنی رۆژئاوای مزگەوت و منارەی مەنوچەر



وێنەی ناوەوەی مزگەوتەک




نوسراوی سەردیواری مزگەوتەکە کە لە
مۆزەخانەی شاری قارس ئەم وێنەیە پارێزراوە




نەخشی گومبەتی مزگەویەکە



نوسراوی بسم الله پاشکۆی مزگەوتی
ئەبوموعەممەران




بناغەی مزگەوتی ئەبو موعەممەران



وێنەی نەخشەکێشراوی منارەی مزگەوتی ئەبو
موعەممەر بە دەستی رۆژهەڵاتناس م.ف. برۆست.



وێنەی منارەی رووخاوی مزگەوتی ئەبوموعەممیر کە لە
ساڵی ١٨٩٤ز. بەدەست ئەنقەست تەقێنرایەوە.
www.virtualani.org)



پاشکۆی سەبازی
دەروازەی ئەرسەڵان





نوسراوی سەر بورجێک لە رۆژئاوای دەروازەی ناوەراستی شورەی شا




بـورجی ئەژدەر کە دوو لارو سـەری گـایەکە لە سـەر بورجێکی شورەی شاری ئانی



وێنەی شێری سەر دەروازەکە



پاشکۆی گەرماوەکان گەرماوی گەورە



گەرماوی بچووک



نوسراوی سەر گۆڕێک (Erdal, 2019, 153)